www.kurdistannet.org
22-2-2007 22:41 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# هۆزان مەحمود- ڕێکخەری کەمپینی بە عەلمانیکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان: دەمانەوێت بەندی حەوتی دەستووری هەرێمی کوردستان بگۆڕین و دین لە دەوڵەت جیا بێت ... دیمانە: ستیڤان شەمزینانی



لە چەند هەفتەی ڕابردوودا، کەمپینی بە عەلمانیکردنی دەستووری هەرێم ڕاگەیەندرا، ئەم کەمپینە کار دەکات بۆ گۆڕینی ماددەی (7) ی دەستووری هەرێمی کوردستان کە تیایدا شەریعەتی ئیسلامی کراوەتە چاوگی یاسادانان، بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ئامانج و کارەکانی ئەم کەمپینە دیمانەیەکمان سازدا لەگەڵ بەڕێز (هۆزان مەحمود) ڕێکخەری کەمپینەکە.

ستیڤان:لە کاتێکدا دەبینین دەستوری کوردستان لە زۆر لایەنەوە پڕە لە کەم و کورتی و بەندی دژ بەیەك و پێچەوانە، ئێوە کەمپینێکتان دەست پێکردوە تەنیا بۆ گۆرانکاریی درووست کردن لە بەندی حەوتی دەستورەکەدا، ئەکرێت بپرسین کامە هۆکاری کاریگەر لە پشتی ئەو کەمپینەیە بەدیاریکراوی دژی ئەو ماددەیە وەستاوە؟

هۆزان مەحمود: من سەرەتا پێم خۆشە زۆر زۆر سوپاسی تۆی ئازیز بکەم ستیڤان گیان بۆ خوڵقاندنی ئەم فرسەتە کە قسەکانی خۆمان بە خەلك بگەیەنم.

لەڕاستیدا ئەم دەستورە بۆ من شەخسی خۆم هیچ مانایەکی تایبەتی نییە بەتایبەت لەکاتێکدا کە کوردستان ئەسڵەن چارەنوسی نارۆشنە و کۆمەڵگە لە سەرگەدانییەکی سیاسیدا ئەخولێتەوە. بەڵام کاتێك سەیری دەستورەکەم کرد یەکسەر بەندی حەوت زۆر سەرنجی ڕاکێشام و بۆم زۆر سەیر بوو کە دوای ئەم هەموو ساڵە دەسەڵاتدارانی کورد ئەیانەوێت بمانبەنەوە بۆ عەسری حەجەریی. لەبەندی حەوتدا ئەڵێت کە زۆرینەی خەڵکی کورد بە ناسنامە ئیسلامن و ئەبێت شەریعەتی ئیسلام ببێتە بنەمایەکی سەرەکی بۆ یاسادانان.

من نازانم بۆ ئەبێت ئەم مۆرە بدەن لە (زۆرینەی خەلك) و بۆ ئەبێت شەریعەتی ئیسلام بکرێتە بنەمای یاسادانان؟ لەکاتێکدا کە ئیسلام وەك مەزهەب وەك شەریعەتەکەشی ناکۆکی ئەسڵی هەیە لەگەڵ هەموو جۆرە ئازادییەکاندا بۆ ئینسان وسەرتاپای دژی ماف و ئازادییەکانی ژنە. دەسەڵاتداران ئەڵێن کۆمەڵگەکەمان دواکەوتووە ئەبێت شەریعەتی ئیسلام هەبێت لە دەستوردا من زۆر دڵنیام ئەوە دەسەڵەتدارانن کە دواکەوتوون و ئەیانەوێت خەڵکی لە جەهل و خورافەدا ڕاگرن و مەشغوڵیان بکەن بە دین و شەریعەتەوە. من باوەڕم وایە کە کۆمەڵگەی کوردستان زۆر لەوە عیلمانی تر و پێشکەوتووخوازە کە ئەمان بیانەوێت بەرگی ئیسلامیان بەبەردا بکەن.

هەر بۆیەش من دڵنیام کە ئەم دەستورە سەرەپای ناکۆکییە بە یەکتر و زۆرێك لە بەندەکانی لە بەرژەوەندیی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش نییە، بەس من وەك کەسێکی ئاتەئیست و مودافیعی مافی ژنان حەزم نەکرد ئەم مەسەلەیە هەروا بەئاسانی و بە بێ تێبینی کردن لەلایەن کۆمەڵگەی کوردستانەوە تێنەپەڕێت. بۆیەش مەبەستی سەرەکی دژایەتی کردن بە دەرەجەی یەکەم لە بەزۆر ئیسلامیزە کردنی کوردستان و هەوڵێکە بۆ جیا کردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و پەروەردەو خوێندن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
22-2-2007 22:41 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ستیڤان: هەڵبەتە کاری کەمپەینەکە لەسەرەتادایە و هێشتا بە شێوەیەکی کاریگەر و بەرچاو کارەکانی خۆی دەست پێنەکردووە من دەپرسم ئەو ڕێگەو میکانیزمانە چین کە ئەم کەمپینە دەیگرێتە بەر بۆ ناچار کردنی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان بۆ هەنگاونان بۆ گۆڕینی دەستوری کوردستان بۆ دەستورێکی سکیولار و مەدەنی؟

هۆزان مەحمود: ئەمە زۆر ڕاستە کە کارەکانی ئێمە هێشتا دەنگدانەوەیەکی گەورەی نەبووە لە کوردستان بەو شێوەیەی کە ئێمە ئەمانەوێت، هەرچەندە من لە گەڵ بەرێز سۆزان شەهاب کە ئەندامی پەرلەمانە و یەکێکە لە ڕاگەیێنەرانی ئەم کەمپینە کۆڕێکمان لە سلێمانی گرت لەسەر ئەو مەسەلەیە و زۆرێك لە ڕێکخراوەکان و کەسانێکی بەدەربەست لێی ئاگادار بوون، و لەگەڵ ڕۆژنامەی هاووڵاتی، ڕادیۆ نەوا، ڕادیۆ هاوپشتی چاوپێکەوتنمان کردووە بۆ بردنە پێشەوەی ئاستی بەشداریی بە سەر ئەم مەسەلەیە، بەڵام بەرای منیش ئەوە کافی نییە.

هەر بۆیەش من چەند کارێکی ترم لێرە بەدەستەوەیە کە ئەنجامی بدەم، یەکێك لەوانە سەفەرێکە بۆ (نیویۆرك) ی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە دەعوەت کراوم بۆ قسەو باس پێشکەش کردن لەسەر مەسەلەی ژنانی عێراق بە گشتی، من دامناوە یەکێك لە مەسەلە گرینگەکان کە باسی بکەم ئەم شەریعەتی ئیسلامەیە کە یەخەی بە ژنانی جنوبی عێراق و کوردستان گرتووە و ئیشارە بە کەمپینی خۆمان بکەم. هەروەها لە فەرەنسا چەند کۆڕ و سیمینارێکیم بۆ سازدراوە هەر لە مانگی مارت لەلایەن ئەمنستی ئینتەرناشناڵ و چەند ڕێکخراوەی تری فەرەنسی کە حەتمەن کۆکردنەوەی ئیمزا و باسکردنی ئەم کەمپینە و لەمەسەلە ئەسڵیەکانمن. دواتریش لەگەڵ ئەندام پەرلەمانێکی ئەوروپا جەلسەم هەیە هەفتەی داهاتوو بۆ باس کردن لەم کەمپینە و ڕاکێشانی هاوپشتی ئەوانە. وەهەم خۆم و هەم کاك نادر عبدالحمید کە ئەویش لە ڕاگەیێنەرانی ئەم کەمپینەیە لە ناوەراستی مانگی مارتدا دێینەوە بۆ کوردستان و بەرهەمی کارەکانی دەرەوەمان گرێ ئەدەین بە کوردستانەوە و کۆمەڵێك کارمان لە بەرنامەدایە کە ئەنجامی بدەین لە کوردستان، هەروەها ئەمە بەهاوکاریی بەرێز سۆزان خان و هاورێیانێکی تریش کە ئامادەیی خۆیان نیشان داوە بۆ کارکردن لەم کەمپینەدا.

لە کۆتایی مانگی مارتدا ئێمە هەموو ئەو ئیمزا و نامەی پشتیوانییانەی کە تا ئەو کاتە پێمان ئەگات هەمووی کۆ دەکەینەوە لە بۆکسێکدا و پێشکەشی لیژنەی نوسینەوەی دەستوری ئەکەین لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان و بە شێوەیەکی نوسراو داوایان لێ ئەکەین کە ئەم بەندی حەوتەمە لابەرن و لە جێگەی ئەوە جیایی دین لە دەوڵەت ڕابگەیەنن

ستیڤان:ئەگەر ئەو گریمانەیە ئەبینن و کەمپینەکە توانی ئەنجامی بپێکێت و سەرکەوتنی بەدەست هێنا ئایە لەم حاڵەتەدا کاری کەمپین تەواو ئەبێت یان بەبەردەوامی ئەمێنێتەوە بۆ گۆڕانکاریی زیاتر و ئامانجی فراوانتر لەمە، بەکورتی ئەم کەمپینە تەنها بۆ گۆڕینی بەندی حەوتەمە لە دەستوری هەرێمی کوردستان یان درێژەی دەبێت لە داهاتوو دا؟

هۆزان مەحمود: لەراستیدا ئێمە ئەم چەند کەسە لە حاڵی ئێستادا بەس لەسەر وەلانانی ئەم بەندە پێکهاتووین و هەموومان باوەرمان وایە کە ئەم ماددەیە دەبێت لابرێت و دین لە دەوڵەت جیا بێت. ئەوەی کە نەتیجەی کەمپینەکە پۆزەتیف بێت ئەمە زۆر موهیممە و ئێمەش ئەوەمان ئەوێت. من وەك خۆم پێم وایە ئەمە سەرەتایەکە بۆ کاری چر و پر تر بۆ بە عیلمانی کردنی تەواوەتی کومەڵگە و بەدەست هێنانی گۆڕانکاریی زیاتر و هاوکات کۆکردنەوەی کۆمەڵێکی زۆر لە کەسانی ئازادیخواز، سکیولار، یەکسانیخواز بۆ دروست کردنی بەرەیەکی عیلمانی کە بە هیچ جۆرێك ئیسلام نەبێتە مایەی کۆیلە کردنی ئینسانەکان لەوە زیاتر.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەڵام جوانی ئەم کەمپینە لەوەدایە کەهەرکام لە ئێمە حەتمەن لەدەرەوەی ئەم کەمپینە زۆر ئازادە لەوەی چۆن بیر ئەکاتەوە و سەر بە هەر حیزب یان لایەنێك بێت ئەوە تایبەتە بەکەسەکە خۆی، ئەوەی ئێمەی کۆکردۆتەوە مەسەلەی سکیولاریزمە. من هیوادارم لە دوایی ئەم کەمپینە ئەم کۆمەڵە کەسە و کەسانێکی زۆر زیاتر بتوانن بەردەوام بین لەسەر ئەم جۆرە کارانە بۆ گۆرینی کۆمەڵگەکەمان. کۆمەڵگەی کوردستان زۆر لەوە کراوەتر و پێشکەوتووترە بەرای من کە کۆمەلێکی کەم لە کەسانی جاهیل بتوانن بەزۆر بما نگەرێننەوە بۆ سەردەمی جاهیلیەت. من ئومێدێکی زۆرم بەو گەنجانە هەیە کە دڵیان پر لە هیوایە بۆ عیشق و ئازادیی و ئینسانییەت وە ئەو ژنانەی کە بە ئاواتی رۆژانێکەوەن کە پیاو سالاریی ئیسلام زیاتر لەوە کۆیلەیان نەکات، ئەوانە ئەتوانن ببنە بناغەیەکی پتەو بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان، چونکە تەنها لە رێگەی خەباتێکی رێکخراو و چاونەترسانە ئەتوانین گۆرانکاری بەدیبهێنین.

ستیڤان:بەدرێژایی ئەم ماوەیەی کە کەمپینەکەتان راگەیاندووە چ کارێکی گرینگتان کردووە یان ئەو کارانە چین بەو ئاراستەیەدا پێی هەڵساون جگە لەوەش بەدەنگەوەهاتن لەهەموو ئاستەکاندا چۆن بووە بە تایبەتی بە تەنگەوەهاتنی رۆشنبیران و سیاسییەکان و دواتریش جەماوەر؟

هۆزان مەحمود: هەروەك پێشتریش برێك باسم کرد کە کۆمەڵێك کارمان کرد کە زۆر باش بووە بەڵام هێشتا جێگەی رەزامەندیمان نییە. ئەوەشمان لە بیر نەچێت ئەو مینبەرانەی کە بەدەست ئێمەوەیە بۆ ئەو کەمپینە زۆرکەمن. ئێمە ناوەرۆکێکی موهیممان جولاندووە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، و بۆ بە ئاگا هێنانەوەی هەرچی زیاتری خەڵك ئێمە پێویستمان بە مینبەری زۆرترە وەك میدیاکان و گرتنی کۆر و کۆمەڵی زیاترە. هەرچەندە ئیمکاناتی ئێمە مەحدود بووە بەڵام پشتیوانی باشمان بەدەست هێناوە تائێستا. تەوەقوعاتی ئێمە لەوە زۆر زیاترە.

هەڵبەت بەشێوەیەکی گشتی تا ئێستا زۆر موسبەت بووە بەدەنگەوەهاتنی خەڵك بۆ ئەم کەمپینە. ئێمە هاورێیەکی ترمان کە ئەویش گۆران عەبدولا لە سایتی دەنگەکان لاپەرەیەکی تایبەتی بۆ ئەم کەمپینە کردۆتەوە ئەو ئەرکی باشی راگەیاندنی ئەم کەمپینە ئەباتە پێش. هەروەها ماڵپەری بۆپێشەوە، ماڵپەری هەڵوێست و ماڵپەری پروشە نامەی پشتیوانی خۆیان پێداوین و لە ماڵپەرەکانیاندا لینکیان داناوە بۆ لاپەرەی کەمپینەکە. هەروەها کاك مەریوان هەڵەبجەیی کە خۆشی یەکێکە لە راگەیەنەرانی کەمپینەکە تا ئێستا چەند کۆر و سیمینارێکی بەستوە لە نەرویج و سوید بەمەبەستی ناساندنی ئەم کەمپینە، هاورێ ساکار ئەحمەد کەسێکی ناسراوی بزووتنەوەی مافی ژنانە لە چەند پەیوندییەکدایە بۆ بەدەست هێنانی نامەی پشتیوانی.

ستیڤان:ئەگەر هەر پەیام و قسەیەکت ماوە و ئێمە لەبیرمان کردووە بیکەینە پرسیار و بەنیسبەت تۆ و بۆ کاری کەمپینەکە گرینگە فەرموون چ قسەیەکتان هەیە؟

هۆزان مەحمود: من وێرای سوپاس ورێزم بۆ ئێوە و بۆ سازدانی ئەم چاو پێکەوتنە ئەمەوێت داوا لە هەموو کەسێکی بەدەربەست بۆ ئازادیی و مافەکانی ئینسان، بێنە پشتی ئەم کەمپینەوە و پێوەی پەیوەست بن. ئەم کەمپینە جێگەی هەموو کەسێکی ئازادیخواز و جێگەی هەموو ئینسانێکە کە دڵی بۆ سکیولاریزم و ئازادیی و یەکسانی لێ بدات. بەوهیوایەم هەچی زووتر پەیوەندیمان پێوە بکەن پشتیوانی خۆیان لەم کەمپینە بکەن، ئەمەوێت ئەوە بڵێم کە پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەك ئەتوانرێت دەستەبەر بکرێت لەرێگەی جیایی دین لە دەوڵەت و کردنی بە مەسەلەیەکی شەخسی. هەر چەند دین باڵادەست بێت ئەوە ژنان کۆیلەتر ئەبن و کاتێك کە نیوەی کومەڵگە کۆیلە بێت واتا ژنان ئەوە دڵنیام کە نیوەکەی تریش ناتوانێت بەخۆی بڵێت ئازادم. هەر بۆیەش ئەمرۆ ئەرکی هەموو ژن و پیاوێکی ئازادیخوزاز و یەکسانیخواز ئەوەیە کە بەرامبەر هەوڵی بەزۆر ئیسلامیزە کردنی کوردستان بوەستن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

Shamzini79@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.